# ئامانەت



ئیسماعیل کەریم... ئەڵمانیا

بە (چل چرا) پێشکەشە

کەی قەدەرێ
تەنها ئەگەر بۆ ساتێ بێ
خەمی من وو
کاڵێی لە نیشتیمان جێماوو
لە ئامێزی گەرمی دەگرێت،،،
بەم چەپکە گوڵە پەژموردەی باخچەی شێعرم
بەم هەموو مەغریبە تارەی پڕ غوربەتم
جگە لە تۆ گوڵە خاتوون
کێ باوەشی پڕ لە میهری والآ دەکات؟
کێ بۆ چرۆی هەڵوەریووی
پیرە داری ئەم تەمە نەم
گەرمە شینێک بۆساز دەدات؟ کێ دەبێتە کەنارێکی
ئارامی بەخش
بۆ ئەم کەشتیە وێڵەی دڵم؟
کێ بول بولی خۆشخوان دەبێت
بۆ باخچەی بێ نازی گوولم؟
گوڵە خان گیان،،،!!!
ئەم ئێستاکە
هەرچەند کەنارێکی ئارام پێ شک نابەم
لەنگەرێکی تێدا بگرم
بە هێمنی نامەیەکت بۆ بنووسم
خەمی دووریت لە کۆڵ گرم
گۆزەی دڵم هەر شکاوە
بول بوولیش سالآنێ زوو وە
باخچەی گوولمی جێهێلاوە،،،

بەڵام،،
بەڵام بۆنێک لە دوورەوە
لە نیشتیمانی گووڵەوە
تێکەڵ بە هەناسەوو
خەموو
ژانم
بووە،،
بۆنی ئەو چوار گووڵە سوورەن
سەدان دڵۆپە فرمێسکم بۆ ڕشتوون،،
بە ئامانەت تا دێمەوە بۆ نیشتیمان
لە چاووی تۆ
لە دڵی تۆ
جێهمشتوون،،   گووڵە خان گیان...